

# کچێکی قوربانیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەنا بۆ خۆسووتاندن دەبات

**کچێکی قوتابی دوای ئەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکەوێتە داوی کوڕێکی تاوانبارەوە، ئاگر لە لەشی خۆی بەردەدات. خوشکی ئەو کچە قوربانییە باسی وردەکاریی رووداوەکە بۆ گوڵان دەکات و ئەوەش دەخاتەڕوو کە کوڕەکە لەلایەن پۆلیسەوە دستبەسەر کراوە، مەبەستی لە گێڕانەوەی رووداوەکەش خۆی گوتەنی تەنیا بۆ پەندوەرگرتنی کچان بووە، هەتا تووشی هەڵەی گەورە نەبن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

«تریفە کچێکی تەمەن ١٧ساڵان و قوتابیی پۆلی ١٠ی بنەڕەتییە، پێش چەند مانگێك ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و لە ئێستادا بە روخسارێکی شێواو درێژە بە ژیان دەدات. ئەو وەك زۆربەی کچانی هاوتەمەنی گیرۆدەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بووە و لە رێگەی فەیسبووکەوە کوڕێکی بە ناوی ئاسۆ ناسیوە کە تەمەنی ٣٧ ساڵە و بە فێڵی خۆشەویستی خستوویەتە داوی خۆیەوە و دواتر بەردەوام داوای پارەی لە تریفە کردووە.

خوشکی تریفە کە خۆی بە خوناو ناساند، لە بارەی بەسەرهاتی خۆشکەکەیەوە تایبەت بۆ گەڵان بەمجۆرە هاتەئاخاوتن: «بەداخەوە من سەفەری ئەوروپام کردووە و لەوێ نیشتەجێم، بۆیە لە خوشکە بچووکەکەم دوور بووم کە ئەو هەموو شتانەی بەسەرهات. سەرەتا دەمەوێ بڵێم: مەبەستم لە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتەی خوشکم، تەنیا ئەوەیە کە کچانی نیشتمانەکەمان پەند لەو رووداوە وەربگرن و هەرگیز تووشی هەڵەی وا گەورە نەبن کە دوارۆژی خوشکمی سووتاند. زۆر بەداخەوە خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر تاوانی گەورەی لێ کەوتووەتەوە و ژیانی سەدان کەسی خستووەتە مەترسییەوە کە خوشکەکەی من یەکێکە لەوانە، لە راستیدا دوای ئەوەی تریفە دەکەوێتە داوی خۆشەویستیی ئاسۆ، کە تەمەنی ٢٠ ساڵ لە تریفە گەورەترە، ئاسۆ داوای وێنەی لێ دەکات، بەڵام تریفە رازی نابێ، چەندین جار داواکارییەکەی رەتدەکاتەوە، بەڵام کوڕەکە بە فێڵ و سۆزدارییەکی ساختە بەردەوام تکای لێدەکات، دواتر تریفە وێنەیەکی خۆی بۆ دەنێرێت. خوشکم تەنانەت لە فەیسبووکی خۆی وێنەی خۆی دانەنابوو. هەرگیز نەچووتە جێژوان و رازی نەبووە کوڕێکی نامەحرەم ببینێت. نازانم چۆن فریوی ئەو کوڕە نامەردەی خوارد، ئەویش بە بێ ئەوەی لە نزیکەوە چاوی پێ بکەوێت. پاش ماوەیەك ئاسۆ لێی دەپاڕێتەوە کامێراکەی بۆ بکاتەوە، دیسان تریفە رازی نابێت، بەڵام دوای چەندین جار پێداگری و تکا و پاڕانەوە رازی دەکات بە کردنی ئەو کارە، دواتر جارێکیان بە سوێندان و پاڕانەوەی زۆر داوای لێکردووە جلەکانی دابکەنێ، کە تریفە بەوە رازی نابێت، کوڕە پێی دەڵێت: دیارە تۆ منت خۆش ناوێت و ئیدی پەیوەندیمان با کۆتایی پێ بێت، ئەمجارەش تریفە رازی دەکات و لەبەردەم کامیرا بەشێك لە سینگی رووت دەکاتەوە و ئەویش بە دزییەوە چەند وێنەیەکی لێ دەگرێت. بە حوکمی ئەوەی باری داراییمان

**مەبەستم لە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتەی خوشکم، تەنیا ئەوەیە کە کچانی نیشتمانەکەمان پەند لەو رووداوە وەربگرن و هەرگیز تووشی هەڵەی وا گەورە نەبن**

**خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر تاوانی گەورەی لێ کەوتووەتەوە و ژیانی سەدان کەسی خستووەتە مەترسییەوە**



زۆرباشە، کوڕە ئەمە بە هەل دەزانێت و ناوە ناوە داوای پارەی لە تریفە کردووە، جاری یەکەم ٥٠٠ دۆلار و جاری دووەم ١٠٠٠ دۆلار، دواجاریش داوای یەك دەفتەر دۆلاری کردووە، ئەمجارە تریفە ناتوانێ ئەو هەموو پارەیە پەیدا بکات، جارەکانی پێشوو بڕەکە ئەوەندە زۆر نەبووە و ئەو پارەکەی لە ماڵەوە دزیوە، بەڵام ئەمجارە دەڕواتە لای دایکم بەسەرهاتەکەی بۆ باس دەکات، ئەویش بۆ باوکمی دەگێڕێتەوە، باوکم پیاوێکی تێگەیشتووە و کەسێکی ئارام و لەسەرخۆیە، دوای زانینی کێشەی کچەکەی یەکسەر لە دادگا سکاڵا لەسەر کوڕەکە تۆمار دەکات و فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەردەچێت، داوا لە تریفە دەکەن پەیوەندی بە ئاسۆوە بکات بۆ وەرگرتنی پارەکە وەکو جارەکانی پێشوو، لەولاشەوە هێزێکی پۆلیس بە جلی مەدەنی لەبۆسەدا دەبن و ئاسۆ دەستگیر دەکەن، ئاسۆ لە دادگا ددان بە تاوانەکەیدا دادەنێت. بەڵام براکەم زۆر لە تریفە تووڕە دەبێت و سوێندی لێ دەخوات مۆبایل و ئینتەرنێت و تەنانەت قوتابخانەشی لێ قەدەغە بکات، زۆریشی لێ دەدات، دەرەنجام تریفە لە حەوشەی پشتەوە ئاگر لەخۆی بەردەدات، بەڵام دایکم زوو دەیکوژێنێتەوە، دوای مانەوەی زیاتر لە دە رۆژ لە نەخۆشخانە تریفەیان گەڕاندەوە ماڵەوە، بەڵام روخسار و مل و گەردەنی زۆر خراپ شێواوە.»

چالاکی مافناس باران محەمەد لە رووی یاساییەوە هەڵسەنگاندن بۆ کێشەکە دەکات و دەڵێت: «ئەگەر بێت و کەسێك هەڕەشە لە کەسێکی دی بکات بەوەی وێنەی بڵاو دەکاتەوە، ئەوا بەپێی یاسای سزادانی عێراقی ژمارەی ١١١ ساڵی ١٩٦٩ ماددەی ٤٣٠، ئەو کەسە سزادەدرێت بە زیندانیکردن کە لە حەوت ساڵ زیاتر نەبێت، بەڵام ئەگەر تاوانەکە لە رێگەی هۆکار ئیلکترۆنییەکانەوە بوو، وەك مۆبایل و فەیسبووك و ئینستاگرام و .. هتد، ئەوا راستەوخۆ تاوانەکە دەچێتە قاڵبی تاوانە گشتییەکانەوە، دەبێ بە زرووفی مشەدەد، واتا سزاکەی قورستر دەبێت. تاوانەکە تاوانێکی (جنائی)یەو بە ئامێرە ئەلکترۆنییەکان ئەنجام دراوە. لێرەدا تاوانبار هیچ زرووفیکی (مخفف) نایگرێتەوە، لەم حاڵەتە ئەگەر تاوانەکە سەلمێندرا قورسترین سزای تاوانبار دەدرێت لەلایەن دادوەرەوە، سزای تاوانباریش بەپێی یاسای سزادانی عێراقی و ئەو واقیعەی کە رووی داوە لەلایەن دادەرەوە دیاری دەکرێت.»

**خوشکم تەنانەت لە فەیسبووکی خۆی وێنەی خۆی دانەنابوو. هەرگیز نەچووتە جێژوان و رازی نەبووە کوڕێکی نامەحرەم ببینێت. نازانم چۆن فریوی ئەو کوڕە نامەردەی خوارد**

**باوکم پیاوێکی تێگەیشتووە و کەسێکی ئارام و لەسەرخۆیە، دوای زانینی کێشەی کچەکەی یەکسەر لە دادگا سکاڵا لەسەر کوڕەکە تۆمار دەکات و فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەردەچێت**

# وێڕای هەوڵەکانی حکومەت ڕێژەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەڵکشاندایە

بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەر سێ ئافرەت لە سەرانسەری جیهاندا یەکێکیان دەکەوێتە بەر توندوتیژی و کوردستانیش پشکی خۆی لەو بوارەدا بەردەکەوێت. وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٧ بەڕێوەبەرایەتییەکی بە ناوی (بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان) کردەوە. لەکۆتایی ساڵی (٢٠١٣)ش ناوی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە گۆڕدرا لە (بەدواداچوون) بۆ (بەرەنگاربوونەوە) و کاری بەرچاویشیان کردووە، بەڵام سەرەڕای هەموو هەوڵی حکومەت و پەرلەمان و ڕێکخراوەکانی مەدەنی و بوونی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی، ئامارەکان دەریدەخەن کە ڕێژەی توندوتیژییەکان بەرامبەر بە ئافرەتان لە هەڵکشاندایە، بۆیە داوادەکرێت بنبڕکردن، یان لانیکەم کەمکردنەوەی ڕێژەی توندوتیژییەکان کاری جددیتری لەسەر بکرێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان لەوبارەیە ڕا و سەرنجی خۆیان هەیە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان، بە بەراوردکردنی ئاستی توندوتیژی لە ماوەی نێوان (٢٠٠٨- ٢٠١٧)، واتە لە ماوەی (١٠ ساڵدا)، توندوتیژی بە ڕێژەی ٥٣,٦٪ زیادی کردووە، بەڵام کاتێك ئاماری توندوتیژی دژی ئافرەتان لە ساڵی ٢٠١٦ لەگەڵ ٢٠١٧ بەراورد بکەین، دەبینین توندوتیژی دژی ئافرەتان بە ڕێژەی ٦٠,٧٪ زیادی کردووە.

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیەی دەربارەی ڕەوشی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان، کە لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٨ - ٢٠١٧) کراوە، بەگشتی ٥٦ هەزار و ٩٧٩ حاڵەتی توندوتیژی بە هەموو جۆرەکانییەوە لە دژی ئافرەتان تۆمارکراون: (٤٧٤ کوشتن، ٥٠٤ خۆکوشتن، ٢٣٣٤ سووتان، ١٢٤٥ خۆسووتاندن، ٥١ هەزار و ٢١٣ سکاڵا، ١٢٠٩ حاڵەتی توندوتیژیی سێکسی). واتە ڕۆژانە نزیکەی ١٦ حاڵەتی توندوتیژی دژی ئافرەتان تۆمارکراون. هەر بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکە، لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٨ تاوەکو ٢٠١٧، زۆربەی حاڵەتەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان زیادیان کردووە.

لە لێکۆڵینەوەکەد هاتووە:

- ڕۆژانە ١٤ ئافرەت بەهۆی توندوتیژییەوە سکاڵایان تۆمار کردووە.

- زۆرترین توندوتیژی دژی ئافرەتان لە سنووری پارێزگای هەولێر بووە، دواتر سلێمانی، پاشان دهۆك.

- زۆرترین حاڵەتی خۆکوشتنی ئافرەتان، سووتان، سکاڵا و ئەشکەنجە و توندوتیژیی سێکسی لە پارێزگای سلێمانی بووە، بەڵام لە ڕووی کوشتنەوە لە دوای هەولێرە.

- زۆرترین حاڵەتی دەستدرێژی لە سنووری پارێزگای دهۆك بووە.

- زۆرترین حاڵەتی خۆکوشتنی ئافرەتان لە ٢٠١٧دا بووە کە ٨٥ حاڵەت بووە. کەمترینیشی لە ساڵی ٢٠١٣دا بووە کە ٣٦ حاڵەت بووە.

- زۆرترین حاڵەتی سووتانی ئافرەتان لە ساڵی ٢٠١٠دا بووە کە ٢٩٩ حاڵەت بووە. کەمترینیشی لە ساڵی ٢٠١٤ بووە کە ١٩٧ ئافرەت لەو ساڵەدا سووتاون.

- زۆرترین حاڵەتی خۆسووتاندنی ئافرەتان لە ساڵی ٢٠١٠دا بووە کە ١٤٢ حاڵەت بووە. کەمترینیشی لەساڵی ٢٠١٦دا بووە کە ٩٤ حاڵەت بووە.

- زۆرترین حاڵەتی تۆمارکردنی سکاڵا لەلایەن ئافرەتانەوە لەساڵی ٢٠١٧دا بووە کە ١٠١٩٠ سکاڵا بووە. کەمترینیشی لەساڵی ٢٠١١دا بووە کە ٣٥٢٨ سکاڵا بووە.

- زۆرترین حاڵەتی توندوتیژیی سێکسی دژی ئافرەتان لەساڵی ٢٠١٢دا بووە کە ١٧٠ حاڵەت بووە. کەمترینیشی لە ساڵی ٢٠٠٨دا بووە کە هیچ حاڵەتێك تۆمارنەکراوە.

سەرەتا تاقگە عومەر بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری مافی مرۆڤ لە دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ، هێما بۆ ئەوە دەکات بەرزبونەوەی ڕێژەی ٥٣٪ توندوتیژی دەکرێت لە دوو ڕووەوە خویندنەوەی بۆ بکرێت، لەلایەکەوە ئیجابییە کە ڕێژەی وشیاریی ئافرەتان پیشان ئەدات بە تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر هەر جۆرە پێشێلکاریەك لەسەر مافەکانیان، کە ئەمەش هەنگاوێکی باشە تاوەکو ئافرەتان بتوانن لەچوارچێوەی یاسا مافەکانیان بەدەست بهێنەوەو کەسی تاوانباریش بەسزای یاسایی خۆی بگات و کێشەکان لەدەرەوەی دەزگا دادەوەرییەکان چارەسەرنەکرێن، لەلایەکی ترەوە ئەم ڕێژەیە لەماوەی ئەم دە ساڵەدا ٥٠٪ زیادی کردووە کەواتە ڕێژەیەکی مەترسیدارەو دەبێت هەڵوەستەی لەسەر بکرێت. ئەو بەڕێوەبەرە گشتییەی کاروباری مافی مرۆڤ جەخت لەوە دەکاتەوە کەوا: یاسای توندوتیژی بەبوونی یاساو دەزگای جێبەجی کار و ڕێکخراو لیژنەو ئەنجومەنی تایبەت بۆ دانانی سیاسەت وستراتیژیەت تۆمارکراوە، کەواتە لەگەڵ بوونی هەموو ئەمانەش ڕێژەی ڕەفتاری توندوتیژانە ڕوو لەهەڵکشانە، بۆیە گرنگە ئێمە لەسەرەتاوە کیانی ئافرەت بنیات بنێینەوە، ئەویش بەکاری گەلەکۆمەکی هەر لەپەروەردەو راگەیاندن و گوفتارە هۆشیاریەکان، چیتر ئافرەت وەکو ڕەگەزێکی فەرامۆش کراو سەیر نەکرێت و لەتوانای جەستەی ڕێکخراوی کەم نەکرێتەوە.

هەروەها گوتی: لە هەندێك بواردا ئێمە بوینەتە کومەڵگەیەکی چەق بەستوو بەرەو پێش چوون نابینن، بەتایبەتیش لەسەر ئەو پەرچەکردارانەی کەدەبنە ڕێگر لەبەرەو پێشچوونی ئافرەت وکەسایەتی ئافرەت، بۆیە گرنگە کار لەسەر خۆپاراستن بکەین نەك چارەسەر، چونکە کاتێك ڕەفتاری توندتیژی کەوتبیتەوە راستە ئافرەت زەرەرمەندی یەکەمە بەڵام بەدوای ئەودا خێزان بەتایبەتیش منداڵ پاشانیش کومەڵگە زەرەرمەندن، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تر پێویستە تایبەتمەندی بدرێتە کیشەکانی توندوتیژی وهەندێك ڕۆتین هەیە پێویستە لا ببرێت تاوەکو ئافرەت بتوانێت ئاسانتر کێشەکانی بگەیەنێتە دامودەزگا یاساییەکان چ جای ئەوەش کە پێویستە ئیرادەیەکی بەهیز هەبێت بۆ بەرجەستەکردنی تواناکانی ئافرەت لە ڕێگەی بڕیاردان، هەمیشە ژمارە لەبەرچاو نەگیرێت بۆ پێدانی دەسەڵات بەئافرەتان بەڵکو تواناو لێهاتوویی ئافرەت پێوەری سەرەکی بێت، لەمانەش گرنگتر پێویستە بەدواداچوون بۆ ئەو چالاکی و پرۆژانەو دەرئەنجامیان هەبیت تاوەکو بتوانریت خالی لاواز بەهیزی پرۆژەکان دیاری بکرێت و کار لەسەرکەم و کورتیەکان بکرێت، بۆیە لەم ڕووەوە پیویستە بەتایبەتیش لەئێستا کە کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بەکاربووە، گرنگە ئەو دەزگایایانەی کار بۆ پاراستنی مافەکانی ئافرەت دەکەن بەیاسایی بکرێن و چاوخشاندنەوە بەهەیکەلیەت و شێوازی کارکردنیاندا بکرێت و لیژنە لاوەکیەکان نەمێنێت و هەموویان لەکۆی

**ئەم ڕێژەیە لەماوەی ئەم دە ساڵەدا ٥٠٪ زیادی کردووە کەواتە ڕێژەیەکی مەترسیدارەو دەبێت هەڵوەستەی لەسەر بکرێت**

**پێویستە ئیرادەیەکی بەهیز هەبێت بۆ بەرجەستەکردنی تواناکانی ئافرەت لە ڕێگەی بڕیاردان، هەمیشە ژمارە لەبەرچاو نەگیرێت بۆ پێدانی دەسەڵات بەئافرەتان بەڵکو تواناو لێهاتوویی ئافرەت پێوەری سەرەکی بێت، لەمانەش گرنگتر پێویستە بەدواداچوون بۆ ئەو چالاکی و پرۆژانەو دەرئەنجامیان هەبێت**

دەزگایەك بن و سنووری کاریان بەرفراوانتر بکرێت، نەك تەنها لەناوچەیەك یان پارێزگایەك کاربکرێت .

توێژەری دەروونی پاوان کۆیی هێما بۆ ئەوە دەکات کە «توندوتیژی لەناو خێزاندا یەکێکە لە دیاردە کۆمەڵاتییە نەرێنییەکان کە زیاتر بەرامبەر ئافرەتان دەکرێت، جا توندوتیژییەکە چ جەستەیی، یان دەروونی، یان سێکسی بێت.» هاوکات دەڵێت: «بەداخەوە ئاستی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە ماوەی دەساڵی رابردوودا بە رێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. گەلێ هۆکاریش هەن دەبنە هۆی دروستبوونی ئەو توندوتیژییانە و یەکێ لە هۆکارەکان ئاستی ئابووریی خێزانە و داهاتی خێزان بە فاکتەرێکی گرینگ دادەنرێت، چونکە زیاتر هەژاری و نەبوونی لەناو خێزاندا دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە، هۆکاری دەکەی راگەیاندنە، بەتایبەت tv کە درامای نەشیاوی تورکی و بیانی بڵاودەکەنەوە، هەروەها تۆڕە کۆمەڵاتییەکان، بەتایبەت لای گەنجان و مێرمنداڵەکان کە بە شیوەکی بەردەوام بەکاری دەهێنن و ئەوەش کاریگەریی نێگەتیڤ بەجێ دەهێڵیت لەسەریان، هەروەها خیانەتی هاوسەری جۆرێکی دیکەی توندوتیژییە، بەتایبەت لەبەر ئەوەی ئافرەت بە کەم سەیر دەکرێت، بۆیە ئیهمال دەکرێت و خیانەتیشی لێ دەکرێت. نەبوونی سۆز و خۆشەویستی و رێزگرتن لەخێزاندا، نەبوونی متمانە، یان کارنەکردنی ئافرەت وەك پیاو بۆ ئەوەی خاوەن داهاتی خۆی بێت، یەکێك لە هۆکارەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان کە زۆرجار بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی داهاتەوە، ناچارن قبووڵی بکەن. هەروەها هاوسەرگیری پێشوەخت یەکێکە لەدیاردە باوەکان کە ئەو کچە نە لە رووی جەستە و نە لە باری دەروونی تەواو کامڵ نەبووە و پێ نەگەیشتووە، ئەوەش وادەکات بەردەوام کیشەو گرفتیان هەبێت و رێژەی تەڵاق زۆر بێت؟، تەداخولکردنی کەسی سێیەم لەناو خێزاندا ئەگەر کێشەیەك هەبێت لە نێوان ژن و مێرد، بەوەش کێشەکە گەورەتر دەبێ، چاولێکەری لە ژیانی رۆژانەی خێزانەکان بەتایبەت ئافرەت، جا لە شت کڕین بێت، یان چونە دەر و رەفتاری کەسەکان، یان بیەوێ هەموو شتیکی وەك خزم و کەسەکانی بێت، ئەوەش بەردەوام لەنێوان هاوسەراندا کێشە دروست دەکات. یەکێك لە هۆکارەکانی دیکەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان کە کاریگەری زۆری هەیە، وەرزەکانی ساڵە، چونکە کۆمەڵگەیەکی دەمارگیرین و بەتایبەت لە وەرزی هاوین توندوتیژی زیاتر دەکرێت، چونکە وەرزێکی گەرمە پیاو زیاتر تووڕە دەبێت، یان ئینفیعالی زیاتر دەبێت، بۆیە توندوتیژی زیاتر دەکات لە چاو وەرزەکانی دیکە.»

ئەو توێژەرە دەروونییە جەخت لەوە دەکاتنەوە کە «بوونی توندوتیژی لەناو خێزاندا کاریگەریی خراپ لەسەر منداڵەکان بەجێ دەهێڵێت، بەتایبەتی لە رووی هەڵسوکەوت و هەست و سۆزی دەروونی منداڵ کە وادەکات کاتێك گەورە بوو، وەك باوکی کەسکێکی توندوتیژی لێ دەربچێت، بۆیە دەبێت خێزان بە هەموو شێوەیەك دوور بێت لە توندوتیژی و پێویستە ژیانێکی ئارام و هێمن و تەندروست بۆ منداڵەکان دابین بکەن، ژیانێکی بەختەوەر و خۆش بە گرنگیدان و رێزگرتنی هاوسەران لە یەکتر دەستەبەر دەکرێت، بۆیە پێویستە هەمیشە سۆز و خۆشەویستی و رێزگرتن لەناو خێزاندا هەبێت.»

راوێژکاری یاسایی عزەدین عەبدوڵا، لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بێگومان توندوتیژیی خێزانی بەگشتی و لە دژی ئافرەتان بەتایبەتی، دیاردەیەکی جیهانییە و لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بوونی هەیە بە رێژە و شێوازی جیاواز، بۆیە بەرزبوونەوەی بە شێوەیەکی گشتی، یان کەمبوونەوەی هەندێك لە جۆر و شێوازەکانی توندوتیژی چاوەڕوانکراوە، بەپێی ئاستی رۆشنبیری تاك و تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ئافرەتان و رۆڵیان لەناو خێزان.

سەبارەت بە هەرێمی کوردستان و رێژەی توندوتیژی خێزانی و لە دژی ئافرەتان، بەتایبەتی لە ماوەی نێوان (٢٠٠٨---٢٠١٧)، شێوازی توندوتیژییەکان و ئامراز و ئاستی بەرەنگاربوونەوەی لەلایەن دامەزراوە تایبەتمەندەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە، هەروەها توانا و شارەزایی ئەو کەسانەی ئەم ئەرکەیان پێ سپێردراوە.

دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەدواداچوونی توندوتیژی لەدژی ئافرەتان لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٧) تاکو مانگی ٣ی ٢٠١٠ تەنیا بۆ بەدواداچوونی کێشەکانی توندوتیژی بووە، واتا ئەو کەیسانە لەلایەن بنکە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیس لێکۆڵینەوەی تێدا دەکرا، وەك هەر کێشەیەکی تری ئاسایی کە لەنێوان دوو کەس روویدابێت و داوای لە بارەوە تۆماردەکرا، ئەرکی ئەم بەڕێوەبەرایەتییانە تەنیا بەدواداچوون بوو بۆ ئەوەی بزانرێت کێشەکە چۆن بەرێوەدەچێت و ئافرەتان تاکو چەند مافەکانیان لەو داوایە بەپێی یاسا فەراهەم دەبێت، بۆ ئەم ئەرکە لە هەرێمی کوردستان تەنیا (٣) بەڕێوەبەرایەتی و (٥) نووسینەگە بوونی هەبوو، کە لە رووی کارگێڕی و سەرپەرشتیکردنیان پەیوەستی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیس بوون. بۆیە رێژەی توندوتیژیەکان لەو ماوەیە زۆر نەبوو بەراورد بە ساڵانی دواتر، ئەمە نەك لەبەر نەبوونی توندوتیژی لە دژی ئافرەتان لە کۆمەڵگەی کوردستانی، بەڵکو بە هۆی ئەوەی ئافرەتان وەك پێویست دەستپێشخەر نەبوون بۆ تۆمارکردنی داوا بە هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئەوەی پەیوەستە بە دابونەریتی کۆمەڵگە، هەروەها لەبەر ئەوەی کێشەکانیان وەك هەر کێشەیەکی تری ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا بەهۆی تازەیی بابەتەکە و نەبوونی یاسایەکی تایبەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ونەبوونی شارەزاییەکی تەواو لەم بوارە. بەڵام لە (٢٠١٠/٤/١)

ئاستی توندوتیژی لە ماوەی نێوان (٢٠٠٨- ٢٠١٧)، واتە لە ماوەی (١٠ ساڵدا)، توندوتیژی بە رێژەی ( ٥٣,٦٪ ) زیادی کردووە

زۆرترین حاڵەتی تۆمارکردنی سکاڵا لەلایەن ئافرەتانەوە لەساڵی ٢٠١٧دا بووە کە ١٠١٩٠ سکاڵا بووە. کەمترینیشی لەساڵی ٢٠١١دا بووە کە ٣٥٢٨ سکاڵا بووە

خیانەتی هاوسەری جۆرێکی دیکەی توندوتیژییە، بەتایبەت لەبەر ئەوەی ئافرەت بە کەم سەیر دەکرێت، بۆیە ئیهمال دەکرێت و خیانەتیشی لێ دەکرێت

بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی لە دژی ئافرەتان هێنرایەکایەوە و ئەو بەڕێوەبەرایەتییانەی پەیوەست کران، بەڵام ئەرکیان لەچوارچێوەی بەدواداچوون مایەوە، هەموو شەش مانگ جارێك ئامارەکانی توندوتیژی بڵاودەکرایەوە. کارکردن بەم شێوەیە بەردەوام بوو تاکو لە کۆتایی ساڵی (٢٠١٣) ئەرکی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە گۆڕدرا لە (بەدواداچوون) بۆ (بەرەنگاربوونەوە)، بۆیە لەو کاتەوە لەسەر چەند ئاستێك کارکردن دەستی پێکرد بۆ (ناساندن) و (وشیارکردنەوە) و (لێکۆڵینەوە)، بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بەگشتی و ئافرەتان و خێزانەکان بەتایبەتی ئاگادار بن لەبوونی ئەم دامەزراوە فەرمییەی حکومەتی هەرێم بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و شێوازی کارکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی. قۆناغەکانی کارکردنی ئەم بەڕێوەبەرایەتییانە لەدوای (خۆناساندن) و (پەیداکردنی متمانە) و (وشیاربوونەوەی) کۆمەڵگە، زیاتر قورس و فراوان بوو. لەلایەك لەبەر بوونی یاسایەکی تایبەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی، لەلایەکیتر دیاریکردنی چوارچێوەی خێزان و تایبەتمەندیکارەکانی، هەروەها نەبوونی میلاك و کەرەستە و کەلوپەلی پێویست، هەروەها فراوانبوونی پەیکەری رێکخستنی کارگێڕی بۆ (٦)بەڕێوەبەرایەتی و (٢٨) نووسینگە لەهەموو هەرێمی کوردستان.

لە دوای دەرچوونی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە(٨)ی ساڵی (٢٠١١) و پشتیوانی زیاتری حکومەتی هەرێم و دروستبوونی هەماهەنگیی زیاتر لەگەڵ دامەزراوەکانی تری تایبەتمەند وەك: (وەزارەتی کارووکاروباری کۆمەڵایەتی، پەروەردە، تەندروستی، ئەوقاف و بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیس) و متمانەی زیاتری هاووڵاتیان بەم دامەزراوە فەرمییە تایبەتمەندە، ساڵانە رێژەی کەیسەکان رووی لە زیادبوونکرد، بەتایبەتی تۆمارکردنی سکاڵا.

ئەو راوێژکاری یاساییە لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان، هۆکارەکانی زیادبوونی رێژەی توندوتیژییەکانی بەمجۆرە دەستنیشان کرد:

١-ئاگاداربوون و وشیاربوونەوەی کۆمەڵگەی کوردستان بەتایبەتی ئافرەتان و خێزان لە بوونی ئەم دامەزراوەیە و شێوازی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی.

٢-بوونی یاسایەکی تایبەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی.

٣- بێدەنگ نەبوونی ئافرەتان لەو توندوتیژییانەی لەدژیان دەکرێت و تۆمارکردنی سکاڵا.

٤- شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکان کە تایبەتمەندیی تەواوی پێ دەدرێت و بەپێی جۆر و سروشتی کێشەکە و بە نهێنی دەمێنێتەوە.

٥-بوونی کەسانی شارەزا و پسپۆڕ لەبواری لێکۆڵینەوە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری یاسایی و دەروونی و کۆمەڵایەتی.

٦-دامەزراندنی سەنتەری راوێژکاری خێزانی بۆ ئەنجامدانی ئاشتەوایی دادوەری و شیارکردنەوەی کۆمەڵگە.

٧-بوونی هەماهەنگیی زۆر باش لەنێوان ئەم بەڕێوەبەرایەتییانە و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پێویست بە کەیسەکان.

٨-کرانەوەی کۆمەڵگەی کوردستانی بە رووی جیهانی دەرەوە لە رێگەی سۆشیال میدیا و تێکەڵبوونی چەندین کولتووری جیاواز بەهۆکاری هاتنی ئاوارە و پەنابەران بۆ هەرێمی کوردستان.

٩-لەبەر ئەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی تایبەتمەندیی ئەم بەڕێوەبەرایەتییانەی دیاری کردووە لەپێناسەی خێزان بۆ کارکردن لەسەر کێشەکان تاکو پلەی چوارەم، بۆیە بەشێکی زۆر لەو کێشانە لە نێوان خزم و کەسوکارەکان لەسەر مەسەلەی میرات و قەرز و شەڕی ئاساییە لە نێوان خزماندا.»

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە بۆچی توندوتیژییەکان لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٨) بۆ (٢٠١٧) بە رێژەی (٦،٥٣) بەرز بووەتەوە، گوتی: «هۆکارە سەرەکییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەرەوپێشچوونەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، بەتایبەتی متمانەی هاووڵاتیانی کوردستان بەم دامەزراوە فەرمییە، هەروەها دروستی و وردیی مامەڵەکردنیان لەگەڵ کێشە خێزانییەکان کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و پێویستی بە ئەوپەڕی نهێنیپارێزی هەیە. بۆیە بەبۆچوونی ئێمە زۆربوونی رێژەی تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر پرسی توندوتیژیی خێزانی و لە دژی ئافرەتان کارێکی ئەرێنییە، چونکە لە داهاتوودا دەبێتە هۆکاری کەمبوونەوەی توندوتیژی خێزانی، لەلایەکی دیکەشەوە هۆکارێکە بۆ پابەندبوونی تاکەکانی خێزان بە ئەرك ومافەکانی خۆیان و ئاشنابوونیان بە پاراستنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری و ئارامی بۆ خێزانەکان. هەروەها لەکاتی ئێستادا ئەم بەڕێوەبەرایەتییانە لە رێگەی هێڵی گەرمی ژمارە (١١٩) بە بێ بەرانبەر خزمەتگوزارییەکانی خۆی پێشکەش دەکات لە ڕووی راوێژی (یاسایی- دەروونی- کۆمەڵایەتی)، بۆ ئەوەی هەموو ئەوانەی دوچاری توندوتیژی دەبنەوە لەهەر شوێنێکدا بن، بتوانن پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی و لەدژی ئافرەتان بکەن، بۆیە چاوەڕوان دەکرێت، رێژەی تۆمارکردنی سکاڵا لە بارەی توندوتیژی خێزانی و لە دژی ئافرەتان زیاتر بێت، بە هۆکاری فراوانیی خزمەتگوزارییەکان و کارئاسانیی زیاتر بۆ هاووڵاتیان، کە وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، پرسێکی ئەرێنییە بە ئاراستەی بەرەنگاربوونەوە و کەمکردنەوەی توندوتیژی و وشیارکردنەوەی زیاتری کۆمەڵگەی کوردستانی.»

**کارنەکردنی ئافرەت وەک پیاو بۆ ئەوەی خاوەن داهاتی خۆی بێت، یەکێک لە هۆکارەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان کە زۆرجار بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی داهاتەوە، ناچارن قبووڵی بکەن**

**یەکێک لە هۆکارەکانی دیکەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان کە کاریگەری زۆری هەیە، وەرزەکانی ساڵە، چونکە کۆمەڵگەیەکی دەمارگیرین و بەتایبەت لە وەرزی هاوین توندوتیژی زیاتر دەکرێت، چونکە وەرزێکی گەرمە پیاو زیاتر تووڕە دەبێت**

**دەبێت خێزان بە هەموو شێوەیەک دوور بێت لە توندوتیژی و پێویستە ژیانێکی ئارام و هێمن و تەندروست بۆ منداڵەکان دابین بکەن**